هۆکاری سەرەکی بووە لە بەرەوپێشچوونی شارستانیەتی ئیسلامی لە ڕابردوودا.

هەرکاتێک لایەنی خوێندن و خوێندەواری و زانست و زانیاری فەرامۆش کرا چ لەلایەن دەسەڵاتدارانی موسڵمانان یاخود لەلای تاک بەتاکی موسڵمانانەوە بێت، ئەوا شارستانیەتی ئیسلامی بەرەو لاوازی هەنگاو دەنێت هەروەکو ئێستا لەبەرچاومانە کە لەم ڕۆژگارەدا بەچاوی سەر دەیبینین بەداخەوە کە جیاوازیەکی زۆرمان هەیە لەگەڵ ڕابردوومان‌دا لەبواری زانست و داهێنان و پێشکەوتنی شارستانیەتدا.

لەکتێبەکانی فەرموودەشدا زۆر باسی زانست و زانیاری کراوە، بەنموونە تەنها لە صحیحی بوخاریدا (٣٠٠) فەرموودە باسی زانست و زانیاری و عیلم دەکەن بەشێوەی جیا جیا[2].

هەر بۆ نموونە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ زۆر بە بەرزو بە نرخییەوە باس لە گەورەیی زانست و زانیاری و هەڵگری زانست و زانیاری و قوتابی زانست و زانیاری کردووە، کە ئەمە دەقی فەرموودەکەی پێغەمبەرمانە ﷺ بەزمانی کوردی: ((هەرکەسێک ڕێگەیەک بگرێتە بەر بۆئەوەی زانستێک فێربێت، ئەوا خوای پەروەردگار ڕێگەی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، هەمیشە خوای گەورە کۆمەڵێک فریشتەی خۆی تایبەت کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی زانست و زانیارین، لەوە زیاتر ئەو کەسەی کە زانایەو خەریکی زانست و زانیارییەو هەوڵدەدات بۆئەوەی فێر ببێت، داوای

٢_ ٤٠ وانە لە شارستانیەتی ئیسلامی، نووسینی: سەربەست جەباری، لاپەڕە: ٦٧.

پێویست کە ٥٠ ئامێری جیاواز دەبن، کە ئەو ئامێرانە ڕۆڵ و کاریگەری گرنگی لەبوارە جیا جیاکانی ناو ژیان و شارستانییەتدا هەبووە.

هەروەها زانای کورد جەزیری بە (باوکی ڕۆبۆت)یش، ناوبانگی دەرکردبوو، بەهۆی دروستکردنی چەندین ڕۆبۆتەوە.

پشت بەخوا دواتر باس لە چەند داهێنانێکی بەناوبانگی جەزیری دەکەم، وە لەگەڵ بەشێک لە داهێنانەکانی بەوێنە بۆ خوێنەرانی دەخەمە ڕوو، وەکو بەرچاوڕوونییەک، تاوەکو زیاتر بە داهێنانەکانی ئاشنا ببن.

# کەشتیە موزیکژەنەکەی جزیری




جەزیریش هەروەکو هەموو تاکێکی بەنی ئادەم لەهەڵەو کەم و کوڕی بەدەر نەبووە، ڕاستە داهێنان و کاری باشی ئەنجامداوە بەڵام بەداخەوە لەبواری موزیکیشدا داهێنانی هەبووە ،کە ئەمەیان ناتوانم بڵێم جێگەی شانازی و پێداهەڵدانە بەو داهێنەرە کوردە، چونکە کاری موزیک لەئاینی ئیسلامدا قەدەغەکراوە، خوای گەورە کارە باشەکانی

لێ وەربگیرێت و لەکارە خراپەکانی ببورێت، یەکێکی تر لەبەرهەم و داهێنانەکانی جزیری کەشتیە موزیکژەنەکەی بووە کە، لە بۆنە تایبەتەکاندا لەلایەن دەسەلاتدارەکانەوە بە کارهێنراوە.

لەسەر کەشتیەکە هەشت ڕۆبۆت لە سەر شێوەی ژن دروستکرابوون و هەشت رۆبۆتەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشکرابوون، چوار رۆبۆتییەکەم گروپێکی موزیکژەن بوون، یەکێکیان دەهۆڵژەن، یەکێک بلوێرژەن، یەکێک تەمبوورژەن و ئەویتریشیان دەفژەن بووە. گرنگی ئەم ڕۆبۆتانە ئەوەیە کە بە هێزی ئاو لە ڕێگای

## پەمپی ئاو (ترۆمپا _ مضغة)




هەروەها جەزیری ئامێری پەمپی ئاوی دروستکردبوو کە بە هێزی ئاژەڵ کاری کردبوو، وە لە ڕێگای ژمارەیەک بۆری کە ئەوەش هەر لە داهێنانی خۆی بووە، ئاوی لە بیرەکان دەرهێناوە و بۆ خواردنەوە و ئاودێری بەکارهێنراوە. پەمپی بیری ئاوی نەخۆشخانەی شاری حەلەبی سوریاش کە تا ساڵی ١٩٣٦ کاری کردووە، بەپێی بیرۆکەکەی جەزیری دروستکرابوو[10].

١٠_ سایتی پەیسەر پرێس، https://www.peyserpress.com/detail/2189

# کاتژمێری فیلی (ئاوی)






ئامێری کاتژمێری فیل یان ئاوی لە لەلایەن جەزیری دروستکراوە و ڕوونکراوەتەوە و سەرەڕای ئەوەش چەندین داهێنان و نوێخوازی تێدا بەدی کراوە. ئەم ئامێرە پێکهاتووە لە فیلێک کە ئاوەکە بە شێوەیەکی بەهێز پاڵی پێوە دەنرێت و بەناویدا تێپەڕ دەبێت. یەکە جیوازەکانی ئەم کاتژمێرە دەکەونە سەر فیلەکە ، ئەمانە بۆ ئەوە درووستکراون کە نیو کاتژمێر جارێک بجووڵێن و دەنگێک درووست بکەن.

جەزیری بەپشت بەستن بە ڕۆڵی شارستانیەتە جۆراوجۆرەکان لە گەشەپێدانی ئامێرەکانی کاتدا توانی ئەم کاتژمێرە سەرنج ڕاکێشە دروست بکات. بنەمای پێوانەکردنیشی بریتیە لە سەتڵێکی ئاوی کونکراو کە وردە وردە نقوم دەبێت. ئەمەش بنکەی سەرەکی ئەم ئامێرەیە بۆ پێوانەکردنی کات. لەناو سکی فیلەکەدا عەمبارێکی ئاو هەیە کە سەتڵێکی کونکراوی تێدایە. ئەم سەتڵەش بەشێوەیەکی هێواش و وردە وردە نقوم دەبێت، لە هەمان کاتدا سێ گوریس بە سەتڵەکەوەن کە دەبنە هۆی جوڵە پێکردنی ئامێرەکان. سەرەتا جوڵە بەو (٣٠) گۆیە دەکات و دانەیەکیان دەخاتە خوارەوە، پاشان جوڵە بە ئەژدیهاکان و دواتریش ڕۆبۆتی نوسەر و ئینجا سەتڵەکە دەردێنێتەوە تاوەکو هەمان کردار دووبارە ببێتەوە.

لێزانی و وردی ئەلجەزری لەوەدایە سەتڵەکەی بەجۆرێک کونکردووە کە لە ماوەی نیو کاتژمێردا نقوم ببێت و پاشان هەڵکێشرێتەوە بۆ نیوەی دووەمی کاتژمێرەکە. لەگەڵ نقومبونی سەتڵەکەدا دەنگی زقزقەی مەلێک دێت و باڵندەی عەنقاکەش بەدەوری خۆیدا ئەسوڕێتەوە، هەروەها بازنەکانی شریتە چەماوەکەی پشتی سوڵتانیش کاتەکان پیشان ئەدەن، پاشان هەڵۆکە یەکێ لە گۆکان دەخاتە دەمی ئەژدیهاکە و بەهۆی قورسی گۆکەوە ئەژدیهاکە بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە، ڕۆبۆتی نوسەریش بە گۆچانەکەی دەستی دەقیقەکان دەپێوێت، بە کەوتنە خوارەوەی گۆکەش بۆ ناو دەفری پشتی فیلەکە، فیل سوارەکە دەستەکانی دەجوڵێنێ و گۆکەش بەکەوتنە خوارەوەی بۆ ناو گوڵدانەکە

ئێستا ناوی بە زیندوویی و بە بەرزی ماوەتەوە، ئەویش باپیرە گەورەمان (سەڵاحەدینی ئەیوبی)یە، خوای گەورە پلەی بەرز بکات.

سوڵتان صلاحەدین لەهەموو بوارەکاندا بەتوانا بووە لەوانە وەکو:-

سوارچاکی، دروستکردنی مەنجەنیق، ڕاوکردن، مەلەوانی، دانانی پلانی جەنگی...هتد.

لەهەموو ئەمانەو زیاتریش نموونە بووە لەگەڵ زیرەکی و ژیری و هێمنی و لەسەرخۆی و دینداری، وە لەگەڵ خواپەرستی و خواناسی و دادپەروەریەوە.

سوڵتان سەڵاحەدین لە شەڕەکانیدا دژ بە خاچپەرستان، تەکنیکی سووتاندنی حەشیش وەک هاوشێوەکردنی ئەو چەکە گازییە بێهۆشکەرەی بەکارهێناوە کە بکوژەکان لە قەڵای ئەلاموت (کۆشکی هەڵۆکان)دا دایانهێنابوو، کە (حەشیش)یان، وەک بخور دەسوتاند و هێزی دوژمنان و شوێنکەوتوان بۆنی دوکەڵەکەیان دەکرد و بێهێز دەبوون.

هێزەکانی سەڵاحەدین لە شوێنێکی نزیک لە سوپای دوژمن خەریکی سوتاندنی حەشیش بوون بە جۆرێک کە ئاراستەی با بەرەو ڕووی ئەوان بوو.

کە ئەمە وای لەهێزی خاچپەرستەکان دەکرد ، لە حاڵەتی ئارامکردنەوە و خەواڵووییدا بوون تاوەکو بێهۆش دەبوون.

ئەم تاکتیکەی شەڕی کیمیایی وایکرد سەلاحەدین خاچپەرستان سەرسام بکات و شکستیان پێبهێنێت. موسڵمانان ئەم شێوازەیان پەرەپێداو بۆمبێکی گازی بێهۆشکەریان دروستکرد و ناویان لێنا بۆمب.

ئەم بۆمبە پێکهاتەکەی تێکەڵەیەک لە دەرمانی بێهۆشکەری شین و تریاک و ئارسنیک و گۆگردی تێدابوو، کە ئەگەر گۆگرد و ئارسنیک کارلێک بکەن، ئەوا گازی سووتێنەر و خنکێنەر دروست دەکات[25].

٢٤_بڕوانە لە کتێبی: (عبقرية الحضارة الإسلامية)، لە نووسنی: (أحمد محمد عوف).

هەروەها (لیفی بروفنسال) کە ڕۆژهەڵاتناسێکی دیکەیە پێیوایە زەریاب خەڵکی ناوچەی جەزیرەیە[61].

ڕۆژهەڵاتناس شوالتزا دەڵێت:زەریاب گەنجێکی کورد بوو کە یەکێک بوو لە بلیمەترین خوێنکارەکانی ئیسحاق موسڵی کە بە توانا لە حەد بەدەرەکانی لەبواری مۆسیقادا ناوبانگی دەرکردبوو[62].

*ڕاو بۆچوونی نووسەر لەسەر زەریاب:زەریابیش وەکو هەر بەنی ئادەمێک لەهەڵەو تاوان و کەم و کوڕی بێ بەری نەبووە، نامەوێ لە کارە چاکەکانی کەم بکەمەوەو وە ناشمەوێ بەهۆی باسکردنی ئەوەی کە زەرییاب کەسێکی دەنگ خۆش و مۆسیقاژەن و شارەزا بەتایبەتی لە ئامێری (عود)بووە، وەکو کوردێکی موسڵمان شانازی پێوە بکەم، بەڵکو تەنها شانازی بە کارە باشەکانیەوە دەکەین وەکو کوردێکی موسڵمان بەو مەرجەی کارەکانی لەچوارچێوەی شەریعەت و ئاینی ئیسلامدا بێت. هەروەها لێرەدا بەکورتی  سەرەتای ژییاننامەکەیم بۆتان خستووەتەڕوو، لەپای ئەوەی هەڵەی هەبووە کە ئەویش کاری موسیقا ژەنین و گۆڕانی ووتن بووە( کە گۆرانی و مۆسیقا لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا تاوانە و حەرامە) چەندین کاری باش و جوانیشی ئەنجامداوە کە دواتر باسیان لێوە دەکەین، لەکۆتاییدا داواکارین لەخوای گەورە کارە چاکەکانی لێ وەربگرێت و لەهەڵەو تاوانەکانی ئەو و ئێمەش خۆشبببێت.

---

٦١_ کتێبی: ڕەنگدانەوەی شارستانیەتی یۆنانی لەناو شارستانیەتی ئیسلامیدا(لەسەردەمی عەبباسی یەکەمدا)، نووسینی: زریان حاجی، لاپەڕە: ٢٢٧./ وەریگرتووە لە:الزركلي: قاموس الأعلام  ج٥/ ص٢٨.

٦٢_بڕوانە سەرتوێژینەوەکەی  (د.مهيمن إبراهيم الجزراوي) بەناونیشانی: البحوث الموسيقية:زرياب منجزاته  وأبرز مبتكراته الموسيقية،المحور الثاني :السيرة الفنية لزرياب،ص:١٢٨.

سۆران[68] ناسراو بە (پاشای گەورە) یان( پاشای کۆرە_کوێر) لە ڕەواندز.

٦٨_ میر محەممەد کوڕی مستەفا بەگی کوڕی میر ئوغوز بەگی بچوک کوڕی میر ئەحمەدە (١٧٨٤ز – کانونی دوەمی ١٨٣٧ز ) میری دەوڵەتی سۆران بووە لە ساڵی ١٨١٣ تاکوو کوژرانی لە ساڵی ١٨٣٧دا. بە "میری کۆرە" و بە "پاشای گەورە"ش ناسراوە و میری هەرە ناوداری دەوڵەتی سۆران بووە. ساڵی ١٨٢٦ میر محەمەد کرایە میری سۆران.(ویکیپیدیای کوردی).

ڕەواندز لە سەردەمی فەرمانڕەوایی میر محەمەد ناسراو بە پاشای کۆرە واتا (کوێر)، خاوەنی کارگەی چەك و جبەخانە و خەنجەر بووە،

میر محەمەد زۆر گرنگی بە زانست داوە، لەسەردەمی ئەودا ئیمارەت و دەوڵەتەکەی زۆر پێشکەوتوو بووە و باروتی تۆپی دروست کردووە، زۆربەی زۆری شارەزای سەربازی ناوچەکانی (فەرەنسا و بەریتانیا) هاتوون لە ئیمارەتەکەی ئەم پیاوەدا چەک و جبەخانەی خۆیان دروست کردووە، ئەندازەو جۆری چەکی لەلا دەست دەکەوت[69].

هەر لەم کارگەیەدا دراو و شمشێر و کەل و پەلی ناوماڵ و ڕاکێشانی سکەی دراوی لێ دروست دەکرا، ئەمەش وەك چەکی بەرگری لە میرنشینەکەی کە تەمەنی فەرمانڕەوایی میرنشینەکەی زیاتر لە ٢٠ ساڵی خایاندووە. لە ساڵی ١٨١٣ کاتێك میر محەمەد دەبێتە میری میرنشینی سۆران شارەزایەکی بواری ئاسنگەری بەناوی وەستا ڕەجەب دەنێرێتە وڵاتی فەرەنسا، بۆ فێربوون و دروستکردنی چەك. وەستا ڕەجەب فێری دروستکردنی تۆپ دەبێت کە لە دواجاردا ئەم تۆپانە وەك چەکی سەرەکی لەشەڕەکاندا بەکارهاتووە. وەستا ڕەجەب

ئیبن خەلەکان دەڵێت: ((شمس الدین ابو عز یوسف ئیبن نەفیس ئەربیلی)) کە ناسراوە بە (شەیتانی شام) کە خۆی لە هەولێر لە دایک بووە لە ساڵی ( 1190-1191 )ی زاینی و لە شاری موسڵ کۆچی دوایی کرد لە مانگی نیسانی ساڵی 1241ی زاینی و لە گۆڕستانی دەروازەی جەشاشە لاشەکەیان ناشت، لە باسی ئیبن مستوفی دا هۆنراوەیەکی بۆ هۆنییەوە، کە دەڵێ[77] :

**ئای ئەبو موبارەک،من مردنم دەناسی**

**جا تۆ وا بەنرخی سەردەم بووی بێ هاوتا**

**ئەوەندە مەزن کە، مردن تواناى نەبوو لێیدا**

**یەکێک لە گەورەترین بەدبەختی لە میللەتانی ئیسلامدا**

**لە دەستدانی بوو،کەهەردوو مرۆڤ و فریشتە**

**بۆی بوون لە تازیەباریدا**

---

٧٧_ نووسینی: یاسین محموود عەزیز، بڕوانە سەر سایتی "مێژووی کورد"

http://www.historyofkurd.com/2017/01/24/%d8%b4%d8%b1%d9%81-%d8%a7%d9%84%d8%af%db%8c%d9%86-%d8%a6%db%8c%d8%a8%d9%86-%d9%85%d8%b3%d8%aa%d9%88%d9%81%db%8c-%d8%a6%d9%87%e2%80%8c%d8%b1%d8%a8%db%8c%d9%84%db%8c/?fbclid=IwZXh0bgNhZW0CMTEAAR0iB1SkDe-YXihfEjYv1wqtQVV0-VsdLic0DO1brY00ppwYdl6fmXUm_Zg_aem_9YC7sGoUL9GbpnuePyLT3g&sfnsn=mo

هەر بەهۆی ئەمەشەوە گەلێک کەس ئاشکرا کراون؛ کە فەرموودەیان هەڵبەستووە و بەڵگەیان نەبووە کە لە دەمی پێش خۆیان بیستبێت. ئێستا دەستنووسی ئەو کتێبە بە خەتی دانەرەکەی لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە، لە ئەڵمانیا بۆ یەکەمجار بە زمانی عەرەبی لە چاپ دراوە، زهیرەدین ئەردەبیلی وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی فارسی، لەلایەن پێنج زانایتر پاشکۆی بۆ دروستکراوە[93].

بە قسەی ڕۆژهەڵاتناس(فرانس ڕوزنپال)یش یەکێک لە دەستنووسەکانی ئەم کتێبە؛ بە خەتی ئیبن خەلەکان خۆیەتی و لە دووتوێی پێنج بەرگدا نوسراوەتەوە(ڕوزنپال خۆی ئەم نوسخەی دیوە)[94].

هەروەها لەلایەن (ولیەم مکگوکین دی سلاین) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، کە پێکهاتووە لە ٢٧٠٠ لاپەرەی لە چوار بەرگدا، ولیەم مکگوکین دەربارەی کتێبەکە دەڵێ: بەرهەمێکی زۆر گرنگ و نایاب و بەبڕشتە، پێیوایە؛ لەو پەڕی پلەی بەرزی دایە لە ڕووی زانیاری مێژوویی و ئەدەبیات و شارستانییەتی ئیسلامیدا، هەروەها دەڵێت: هەرگیز لە ڕادەی بەرزی و متمانە پێکراوی کتێبەکە کەم نەبۆتەوە، پشت بەستن و ئیعتبار پێکردنی بەردەوام ڕێزلێگیراوە لە هەموو سەردەمە مێژووییەکاندا[95]، لەو کارەیدا وا

٩٣_فرانز روزنثال: علم التاريخ عند المسلمين ص 764 ؛ عبدالرحمن البدوي: موسوعة المستشرقين ،. ص 399.

٩٤_ Ibn Khallikan’s biographical dictionary

٩٥_ وەفایاتی عەیان و ئەنبائی زەمان / وەرگێڕانی یاسین محمود.

دەردەکەوێت کە ئیبن خەلەکان زۆر شارەزایانە سەرچاوە مێژوویییەکانی بەکارهێناوە، بە دەلیل و ڕووداوی سەردەم و ڕۆڵ و پێگەی بنەماڵە و کەسایەتییەکان کە باسیان دەکات، باسەکانی هەر باسی دەستەڵاتداری نییە، بەڵکو باسی ئەدیب و شاعیر زانای ئایینی و یاسایی کراوە، کە خۆی دەدا لە دووسەد و سی ناودار و کەسایەتی کە پێویستن بناسرێن و زانیاریان لەبارەی بەکەڵکە.

جگە لەو کتێبە؛ ئیبن خەلەکان خاوەنی چەند کتێبێکی تری زانستی و شەرعزانی(فقه)ی و زمانەوانی بووە، چەندین هۆندراوەشی بە وشەی ناسک و مانادار هۆنیوەتەوە بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی[96].

٩٦_ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا، نووسینی:د.کاوە فەرەج، لاپەڕە:٢٠٨.

## کۆچی دوای ئیبن جەزەری

ئیبن جەزەری لە ژیانیدا زۆر وڵات و شار گەڕاوە بە مەبەستی فێربوون و وەرگرتنی علم و زانستە ئیسلامی و شەرعیەکان، ئەمانەش ناوی بەشێک لەو شار و وڵاتانەن:-

(وڵاتی حیجاز، مەککە، مەدینەی پیرۆز، عێراق، قاهیرە،ئیسکەندەرییە،وڵاتی ڕۆم،برۆسە، کش ، سەمەرقەند، خوراسان، ئەسفەهان، بەغداد،شیراز، بەسڕە و هتد..)

ئیبن جەزەری لەکۆتایی تەمەنیدا لەشاری شیرازی ئێران نیشتەجێ بووەو بووە بە دادوەر (قاضي) ئەو شارە و هەر لەوێشدا لەساڵی (٨٤٤ك / ١٤٢٩ز) کۆچی دوایی کردووە[146].

کاتێک کە خەڵکی هەواڵی مردنییان بیست، لە هەموو لایەکەوە کۆبوونەوە و بەخەڵک و کاربەدەستانەوە پێشبڕکێیان دەکرد بۆ هەڵگرتنی تەرمەکەی، هەر لەو قوتابخانەیە نێژرا کە لە شیراز دایمەزراندبوو[147].

١٤٦_ ٤٠ وانە لە شارستانیەتی ئیسلامی، ن: سەربەست جەباری، لاپەڕە:٢٧٢.

١٤٧_ لێکدانەوەی پێشەکی (إبن الجزري)نووسینی:إحسان برهان الدين،لاپەڕە: ٢١.

١٩_ وته و ئامۆژگاری و ژياننامەی ئيبن تەيمييه،نووسينی:سيد عبدالله، وەرگێڕانی :محمد محمد حەمه ميرزا.

٢٠_ شەرحی العقيدة الواسطية لشيخ الإسلام ابن تيمية،نووسينی:د. صالح الفوزان،وەرگێڕانی: عبدالسلام فاتح عبدالرحمن.

٢١_لێکدانەوەی پێشەکی(إبن الجزري)نووسينی:إحسان برهان الدين.

**ليستی سەرچاوە عەرەبی و بيانييەکان:**

٢٢_ : ألف اختراع واختراع التراث الإسلامي في عالمنا،المحرر المسؤول: البروفيسور سليم الحسني.

٢٣_ كتاب الروضتين (٢٥٢/٢).

٢٤_ كتاب الروضتين (٢٥٧/٢).

٢٥_ تاريخ بيت المقدس، د.محمد الحافظ النقرل.

٢٦_ سبط ابن الجوزي.

٢٧_النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (سيرة صلاح الدين الأيوبي)، نوسينی:بهاء الدين ابن شداد.

٢٨_ البداية والنهاية، ابن كثير، ١٤/ ٤١٢.

٢٩_ زرياب، دائرة املعارف الإسالمية، م 10، ترجمة أحمد الشنتناوي وإبراهيم خورشيد. دار املعرفة، (بريوت:لبنان).

٣٧_ Encyclopædia Britannica Online, Ibn Khallikān”. 2010. Retrieved May 22, 2010

٣٨_ فرانز روزنثال: علم التاريخ عند المسلمين ص 764 ؛ عبدالرحمن البدوي: موسوعة المستشرقين ،ص 399.

٣٩_ Ibn Khallikan’s biographical dictionary

٤٠_الجامع بين العلم والعمل النافع في صناعة الحيل، الجزرى.

٤١-عبقرية الحضارة الإسلامية)، كاتب: (أحمد محمد عوف).

**ليستی سەرچاوەی سایتەکان:**

**٤٢_بەرنامەی دۆکۆمێنتاری لەسەر ژیاننامەی ئیبن مستەوفی.**

**٤٣_ ویکیپیدیای کوردی.**

**٤٤_ ویکیپیدیای عەرەبی.**

**٤٥_ سایتی(زادی ڕێمان).**

**٤٧_سایتی مێژووی کورد.**

٤٧_ سایتی کوردیپێدیا.

٤٨_سایتی پەیسەر پرێس.

٤٩_سایتی بصائر.

**لەگەڵ چەندین سەرچاوەوە سایتی دیکەدا.**

# ناوەڕۆک

پێشەکی.................................................................................٣
دەستپێک...............................................................................٥
بەشی یەکەم:دانا و کەسایەتیە کوردە موسوڵمانەکان.................................٨
١_ بەدیعو زەمان(جەزیری)..........................................................٩
• جەزیری کێیە؟.........................................................................١١
• جەزەری؛خاوەنی زیاد لە (٥٠) داهێنانی گەورەیە لەبوارەکانی وەکو:-..............١٣
• ئەو ئامێرانەی کە دروستی کردوون:.................................................١٤
• کەشتیە موزیکژەنەکەی جەزیری......................................................١٥
• ڕۆبۆتەکانی جەزیری.....................................................................١٧
• پەمپی ئاو.................................................................................١٨
•کاتژمێری فیلی(ئاوی)......................................................................١٩
•ئامێری پزیشکی.........................................................................٢١
• کتێبە بەناوبانگەکانی ئیسماعیل جزیری............................................٢٢
• ئارامگەکەی جەزیری..................................................................٢٥
٢_ یەکەم کەس کێبوو کە نەخشەی ئەمریکای کێشا؟..................................٢٦

• ئەو کوردەی کە ئەمریکای دۆزیەوە (محیەدین رەئیس)................................٢٩
• لەباسی نەخشەکەی پیری ڕەیسی.....................................................٣٣

• بۆچوونی زانایانی جوگرافیاناس لەسەر نەخشەکەی پیری.............................٣٥
٣_بۆمبی بێهۆشکەر.........................................................................٣٨
• کورتەیەک لەژیاننامەی(صلاح الدینی ئەیوبی)........................................٤١
• نەسەب و ڕەچەڵەکی سوڵتان صەلاحەدین..............................................٤٤
• هۆکاری کۆچکردنەکەی بنەماڵە و باوانی صلاحەدین..................................٤٦
• هۆکاری دەرکردن و هەڵهاتنی بنەماڵەی(ئەیوب شادی) باوانی سلاحەدینی ئەیوبی لە تکریت چی بوو؟..................................................................٤٨
• پەروەردەکردنی صلاحەدینی ئەیوبی.....................................................٥١
• لەپێش ڕزگارکردنی قودسەوە.............................................................٥٤
• جەنگی حطین..................................................................................٥٥
• هۆکاری ناونانی بەو ناوەوە.................................................................٥٦
• هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگەکە.............................................................٥٦
• ڕووداوەکانی پێش جەنگ و ئامادەکارییەکان...........................................٥٧
• هەڵگیرسانی جەنگی حطین..................................................................٥٤
• گەمارۆدان و ڕزگارکردنی قودس...........................................................٦١
دوا ساتەکانی تەمەنی صلاحەدینی ئەیوبی.................................................٦٦
• نەخۆشکەوتنی صلاحەدین....................................................................٦٨
• کۆچی دوایی صلاح الدینی ئەیوبی..........................................................٧٠

٤ _ زومرود خاتوون......................................................................٧٤
٥ _ ئایا زەریباب دەناسن؟.................................................................٧٧

• ڕەچەڵەکی زەریباب.......................................................................٧٩
• زەریاب و مامۆستاکەی....................................................................٨١
• کارو چالاکییەکانی لە ئەندەلوس (ئیسپانیا)...................................................٨٤
• هەزار و دووسەد ساڵ دوای زەریباب.......................................................٨٦
• کاریگەری زەریباب بەسەر ئەورووپاوە.......................................................٨٨
• داهێنانەکانی زەریاب........................................................................٨٨
٦ _ وەستا ڕەجەب.............................................................................٩٠
کۆتایی بەشی یەکەم.......................................................................٩٤
بەشی دووەم:زانا و کەسایەتیە کوردە موسوڵمانەکان.........................................٩٥
١ _ یەکەم مێژوونووسی شاری هەولێر........................................................٩٦
• ئیبن مستەوفی کێیە؟.......................................................................٩٨
٢ _ ئیبن خەلەکان............................................................................١٠٣
• ئیبن خەلەکان کێیە؟.......................................................................١٠٤
• ڕەچەڵەکی ئیبن خەلەکان..................................................................١٠٥
• قۆناغی زانست و پێگەیشتنی.................................................................١٠٧
• باوکی ئیبن خەلەکان.........................................................................١٠٨
• ژیانی وەزیفی ئیبن خەلەکان.................................................................١١٠
•کتێبە بەناوبانگەکەی ئیبن خەلەکان...........................................................١١٢

• کۆچی دوایی ئیبن خەلەکان........................................................... ١١٥
٣ _ مێژوونووسە تایبەتەکەی صەڵاحەدین............................................. ١١٦

• ئیبن شەداد کێیە؟................................................................ ١١٨
• بەرهەمەکەی ئیبن شەداد "النوادر السلطانية".................................. ١٢١
• شێوازی نووسینی کتێبەکەی...................................................... ١٢٣
• کۆچی دوایی ئیبن شەداد ........................................................ ١٢٧
٤ _ئیبن تەیمیە........................................................................ ١٢٨
• شاری حەڕان......................................................................... ١٣٠
• بۆچی ناچاربوون شارو ناوچەی خۆیان جێ بهێڵن؟................................ ١٣٢
• ئیبن تەیمییە کێیە؟................................................................ ١٣٣
• نازناوی ئیبن تەیمییە.............................................................. ١٣٥
• ڕۆڵی ئیبن تەیمیە.................................................................. ١٣٥
• فێربوون و پێگەیشتنی .............................................................. ١٣٦
• بۆچی دەسەڵاتداران وایان دەرکرد لە کاتێکدا موسوڵمانیش بوون؟................. ١٤٠
• ئەو سوڵتانە کێ بوو کە ئیبن تەیمییەی ئازاد کرد؟.................................. ١٤١
• کۆتا دادگایی و زیندانی کردنی، تا کۆچی دوایی..................................... ١٤١
• بەشێک لە کتێبەکانی ئیبن تەیمییە.................................................. ١٤٤
• لێرەدا ناونیشانی چەند کتێبێکی دەخەینەڕوو.......................................... ١٤٥
• ئیبن تەیمیە و زانکۆکانی ئەورووپا.................................................. ١٤٦
• قوتابییەکانی ئیبن تەیمیە........................................................... ١٤٨

